کەشناسی هەرێم: پلەکانی گەرما زیاتر بەرزدەبنەوە

کەشناسی هەرێم پێشبینی خۆی بۆ کەشوهەوای ئەمڕۆ هەینی و سبەی شەممە راگەیاندو دەڵێت، پلەکانی گەرما زیاتر بەرزدەبنەوە.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا وتی، ئەمڕۆ هەینی، ئاسمان ساماڵ دەبێت و پلەکانی گەرما کەمێك بەرزتر دەبن لە چاو تۆمارکراوەکانی دوێنێ.

هەر بەپێی راگەیەندراوەکە، سبەی شەممە، ئاسمان دیسان ساماڵ دەبێت و پلەکانی گەرماش زیاتر بەرزدەبنەوە بەشێوەیەك کە 1 تا 2 پلەی دیکە بەرزتر دەبن لە تۆمارکراوەکانی ئەمڕۆ.

کەشناسی هەرێم پێشبینی کردوە بەرزترین پلەکانی گەرمای پێشبینیکراو بۆ سبەی بەم جۆرە بن: هەولێر: 43، سلێمانی: 42، دهۆک: 42، کەرکوک: 45، هەڵەبجە: 43، زاخۆ: 43، حاجی ئۆمەران: 32، سۆران: 41، گەرمیان: 46 پلە.